# له پێناو ڕاگەیاندنێکی بابەتیانە و ئازاد و کارادا، دەنگی سەربەخۆ و ئاژانسی نووچێن کوردستان به هەردوو بەشی کوردی و عەرەبییەوە دەست بە مانگرتن دەکات

دەنگی سەربەخۆ و ئاژانسی نووچێن کوردستان بە هەردوو بەشی کوردی و عەرەبییەوە دەست بە مانگرتنێک دەکات بۆ ماوەی یەک هەفتە کە لە 23 مانگەوە کاتژمێر 12 ی نیوەڕۆیەوە دەست پێدەکات. ئەم مانگرتنە وەک نەڕازیبوونێکە لەسەر هەبوون و بە کارهێنان بێدادی و سانسۆر و گەندەڵی لە لایەن دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانەوە بەرامبەر ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسانی کورد. بەو بۆنەیەوە چەند داواکاریەک ئاراستەی دەسەڵاتی باشووری کوردستان و وەزارەتی ڕۆشەنبیری کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەکەین. هیوادارین ڕاگەیاندنی کوردستانی بە گوێری گرنگیدانیان بەو خاڵانە پشتگیری خۆیان دەربڕن یانیش ڕەخنە لەم داواکاریانە بگرن.

داواکاریەکانمان:

1- ڕێگادان به بێ جیاوازی بە هەموو ئاژانسەکانی هەواڵ و دەنگ وباس و بەدواداچوون، بۆ ئەوەی به زانیاریەکان بگەن و کردنەوەی هەموو دەزگاکانی حکومی بۆ ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی بە کاری خۆیان هەڵسن. (تەنیا ئەو جێگایانە نەبن کە بە یاسا نهێنین).

2- پشتگیری کردنی دادوەرانە بۆ هەموو دەزگاکانی ڕۆژنامەوانی و وازهێنان لە سیاسەتی میزانیەی کرایەوە بۆ هەندێ کەناڵی تایبەتی سەر بە پارتەکان. لەسەر ئەو بنەمایە پێویستە یاسایەک بۆ دابینکردنی یارمەتی بۆ دەزگاکانی ڕۆژنامەوانی دابنرێت و بڕی یارمەتی بە گوێرەی کار بێت نەک بە گوێرەی نزیکی و دووری لە پارت یان پارتەکانی دەسەڵاتدار.

3- وازهێنان لە سیاسەتی سزادان و ترساندنی ئەو ڕۆژنامەوانانەی لەسەر گەندەڵی و کێشەکانی تری دەسەڵات و پارت و کەسانی پایەبەرزی ناو دەسەڵاتدا دەنووسن و لە جیاتی ئەوە داوا دەکەین گەندەڵکاران سزابدرێن.

4- پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەوانان و هاوکاریکردنیان بۆ ئەوەی بتوانن لە هەلومەرجێکی گونجاودا بە ئەرکی خۆیان هەڵسن..

5- ڕێگاگرتن لە داخستنی کەناڵ یان دەزگای ڕاگەیاندن بە بێ بڕیارێکی یاسایی کە لە داگایەکی باوەڕپێکراوەوە دەرگەوتبێت تیایدا بە باسی هۆی داخستنی دادگاکە بە ڕۆنی ئاماژە بۆ کرابێت.

6- هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن نوێنەرایەتی حکومەت بکات دەبێ لەناو دەستی پارتی دەسەڵاتداردا نەبێت بەڵکوو دەبێت نوێنەرایەتی گەلی باشووری کوردستان بکات... هیچ کەناڵێکی حکومی لە ئەورپا بە ناوی حزب یان حزبەکانی دەسەڵاتدارەوە قسە ناکات، لە سەر هەمان بنەما کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی بە کەناڵی حکومی حیساب ناکرێن، ئەوانە کەناڵی حزبین. هەتا کەناڵی ئەلعیراقیەی سەر بە

حکومەتی عێراق بە ناوی حزبی دەعوە یان لیستی ئیتیلافی شیعەکان قسەناکات و هەوڵ دەدەات گرنگی بە هەموو لایەنەکان بدات....

7- وازهێنان لە سیاسەتی دروستکردنی کەناڵەکانی بە ساختە سەربەخۆ. ئێمە ئەو سیاسەتە بە هەوڵێکی ئاشکرا دادەنێین بۆ چەواشەکردنی جەماوەر و گەلی کوردستان.

8- ئاشکراکردنی سەرچاوەی دارایی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن (وەک کودسات، کوردستان تیڤی، زاگرۆس، ڕۆژنامەکانی وەک خەبات، کوردستانی نوێ و هتد) و پێویستە میزانیەی ئەو دەزگایانە لەبەر دەستی ڕۆژنامەوانان و جەماوەردا بێت...

9- گەڕانەوە بۆ جەماوەری ڕۆژنامەوانان بۆ ئەوەی یاسای ڕۆژنامەوانی لە کوردستان دابنرێت. لە ژێر پرسیاردانانی ئەو پێشنیاربڕیارەی کە لە بەردەستی پەرلەماندایە، چونکە ئەو پێشنیاربڕیارە هەوڵ دەدات زیاتر سانسۆر لەسەر ڕۆژنامەوانی دابنێت نەک ئازادی بکات.

10- دوورخستنی دەسەڵاتی پارتایەتی لەسەر ڕۆژنامەوانان، چونکە هیچ دەسەڵاتێک لەسەر ڕۆژنامەواندا نییە جگە لە یاسایەکی دادوەرانە کە لەلای جەماوەرەوە پەسەندکراو بێت لە دەنگدانێکی ئازاددا.

ئەمانەی سەرەوە داوا کاریەکانی ئێمەن لە پێناو ڕزگارکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی لە دەسەڵاتی حزبی، کەسایەتی، ناعەدالەتی و سانسۆر. بۆ هەر یەکێک لەم خاڵانە ئامادەین چەندین نموونە بە دەسەڵاتداران بدەین.....

دەنگی سەربەخۆ
ئاژانسی نووچێن کوردستان
سەوت کوردستان